# بۆچی ئافرەت ناتوانێ لەیەك کاتدا زیاتر لەپیاوێکی هەبێت؟



سەرباز زامدار

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچ کاتێ داوای فرە ژنی ناکات، بەڵام ڕێگەی پێدەدات کەسێك فرەژنی بکات بەو مەرجانەی بۆی دانراوە، چونکە دەزانێ کۆمەڵگا بێگومان بەرۆژگارێك تێدەپەڕیت کە پێویستی بەم یاسایە هەبێت. واتە یاسایێکە لەکاتی پێویستو بۆ کەسانی پێویست بەکاردێت. نەك پیاو لە هەموو بارودوخێكو کاتو ساتێك بتوانێ دوو و سێو چوار ژن بێنێت. بەڵام ئەگەر بێت و سەیری واقیعی هەنوکەی جیهانی ئیسلامی بکەین دەبینین ئەم یاسایە وا زل کراوە بەرادەیەك گەیشتوتە ئەوەی ئافرەتانمان بیریان ئاڵۆزببێتو لەبەرامبەر ئەم یاسایە تایبەتە دەنگی ناڕەزاییان دەربڕنو لەبەرامبەر ئەمە نەزانانە داوای شتێکی هاوشێوەی ئەمە بکەن کە سروشتی هیچ کەسێك ئەمە بەمافیان وەرناگرێتو ناتوانێ پێی رازی بێ. ئەویش ئەمەیە هەروەکو یەك لەخانمە بە حیساب تێگەیشتووەکان تەفرە بدرێتو داوای بەمافکردنی شتێك بکات رەنگە بۆ خۆشی پێی ئەنجام نەدرێت. کە زۆر بەراشکاوانە دەڵێت: بۆچی لەئیسلامدا ڕێگە بەئافرەت نادرێت فرەمێردی (تعدد الازواج) بکات!! واتە دەڵێت هەروەکو دەگونجێت پیاو لەیەك کاتدا هەتا چوار ژنی هەبێت، لەبەرامبەر ئەمە پێویستە ئافرەتیش لەیەك ساتدا زیاتر لەیەك پیاوی هەبێت. چونکە دەڵێت ژنیش توشی ئەو کێشەو حاڵەتو بارودۆخە دەبێت کە پیاو پێی دا تێدەپەڕێت!!؟.

لەوەڵامی ئەو خانمەو هەموو ئەوانەی هەڵگری ئەم بیرە ڤایرۆس ئاسایەن، دەڵێین: کاتێ ئاینی پیرۆزی ئسلام ڕێگەی داوە بەپیاو فرەژنی بکات لەبەر ئەوە نییە لەڕەگەزی نێرەو تایبەتمەندیەکی بۆ دانابێت.

بەڵکو بە بێگومان ئاینی ئیسلام لە هەموو یاساکانیدا لەسەرەتاو کۆتایی هەموو کارێكو مافێك ڕەچاوی هاتنە دی بەرژەوەندی (تحقيق المصلحة)ی کردوە، ئەگەر هاتباو بەرژەوەندیو چاکسازی پێویستیان بکردبا فرە مێردی دروست ببا ئەوە بێ گومان ڕێگەی پێدەدرا. چونکە خوای گەورە: (وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ) النحل: ٩٠ هەر لەبەر ئەمەیە خوای گەورە زیاتر لەپیاوێکی قەدەغە کردوە بۆ ئافرەت. بۆ ئەوەی نمونەکە زیاتر لەمیشکمان نزیك بێتەوە دەڵێین:

کاتێ پیاو دەتوانێ زیاتر لە ئافرەتێك بێنێت ئەوە لەسەریەتی ماڵو منداڵو خێزانەکانی بەگشتی بەخێوبکات وە پێویستە لەسەری دادوەر بێت لەنێوانیان لەخواردنو خواردنەوەو پۆشاكو سەرجێیو... هتد.

بەڵام ئەگەر بێتو بمانەوێ ئەمە پێچەوانە بکەینەوە وەکو پێشنیارە سەیرەکەی ئەم خانمە بەڕێزە، واتە ئەگەر بێتو ئافرەت زیاتر لەپیاوێکی هەبێت ئەمە لەگەڵ ئەم مافانەی باسمان کردکە لەسەر پیاو پێویستن چۆن دەگونجێت؟. واتە چۆن ژن پێی دەکرێت مێردەکانیو منداڵەکانیان بەخێوبکات؟!.

هەروەها چۆن دەتوانێ ئارەزووە جنسییەکانی هاوسەرەکانی تێر بکات؟ بەتایبەتی لەکاتێکدا هەمووومان دەزانین ئافرەتان تووشی سوڕی مانگانە دەبن وەکو حەیزو زەیسانیو شتی تر..!!.

وەلێ سەرەڕای ئەمانەش با وادانێین ئافرەتەکە توانی ئەمە بکات بەو شێوەیە هەر شەوەو لای یەکێك لەمێردەکانی خۆی رای بوارد، پاش ماوەیەك ئەم ئافرەتە سکی پڕبوو و لەدواییدا منداڵێکی بوو، ئێمە چ بەو منداڵە بڵێین، کامە باوکە ڕاستەقینەکەیەتی، با بڵێین ئەمەش دەگونجا بەهۆی پشکنینی پزیشکیەوە، بەڵام کام لە هاوسەرەکانی مۆڵەتی بەخێوکردنی ئافرەتەکەو منداڵەکانی دەگرێتە ئەستۆی خۆی. پاشان ئەو خێزانەی خاوەنی یەك پیاوە لەگەڵ زیاتر لەئافرەتێك ئەمە پیاوەکە سەرکردایەتی ماڵو خێزانو منداڵەکانی دەکات بێ هیچ کێشەیەکی بەڕێوەبردن ئەمە ئیتر سروشتی گشت مرۆڤەکانە هەر لەدێر زەمانەوە تاکو ئێستا لەلای هەموو گەلانی سەر ڕووی زەوی، هەتا لای ئاژەڵو فرندەو دڕندەکانیش وایە. بۆ نمونە دەبینین دەیان مریشك تەنها یەك کەلەشێر سەرکردایەتیان دەکات بەرادەیەك چاودێریان دەکات ئەگەر بێتو کەلەشێرێکی تر بێت بۆ لای مریشکەکان شەڕو لێدانێکی توندوتیژ لەنێوان دوو کەلەشێرەکان ڕوودەدات. بەڵام لەهەمان کاتدا ئەگەر لەبری کەلەشێری دووەم مریشکێکی تر بێتە نێویانەوە هیچ کێشەو ناخۆشیەك سەرهەڵنادات!!.



Chronicle / Rick Nobles

وە بەهەمان شێوە دەبینین لەنێو سەدان مەڕ تەنها بەرانێك جێی خۆی کردۆتەوەو قەبولی بەرانی تر ناکاتو ڕۆژانە ناخۆشیو پێکدادانێکی بەردەوام لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئینجا بگرە هەموو زیندەوەران هەر بەم شێوە سروشتیەن کە خوای دروستکەرو بەتوانا ئەم یاسایەی بۆ کردوون بەسونەتی ژیان...

کەوابوو ئەوەی گرنگە لەکۆتایدا بەکورتی بڵێین ئەوانەی داوای مافی فرەمێردی دەکەن ئەمانە پێچەوانەی یاسای گشتیو سونەتی ژیانی هەموو مرۆڤەکان هەنگاو دەنێنو مافی خۆشیان پێشێل دەکەن.

# کێشەی ئافرەت لەژێر ڕۆشنایی یەك ئایەتی قورئاندا

قورئان دەفەرموێت (وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَى) ئەوە خودای گەورە دەفەرموێت هەر کەسێك روو لەم قورئانە کە بەرنامەی ژیانە چارەسەری کێشانە وەرگێڕێ ئەوە ژیانێکی زۆر ناخۆشیو نارەحەتو پڕ کێشەی دەبێت باسەروەتو سامانێکی زۆریشی هەبێت، چونکە هەرکەسێك پەیوەست بوو دونیاو خۆشییەکانی دونیاو خودای گەورە لەبیر کات ئەمە خودای گەورەش ئەو کەسە لەبیردەکاتو دڵ ئارامی ناکات وەلەڕۆژی قیامەتیش بەکوێری حەشر دەکرێت.

خۆشەویستان کێشەی ئافرەت لەجیهانی ئەمڕۆداو لەهەموو دونیا یەکێکە لەئاڵۆزترین کێشەکان کە جێگای مشتومڕو باس کردنو قسە لەسەر کردنو توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بێت وە خەڵکی ئەمڕۆ مشور خۆرانی ئافرەتان هەریەکە بەجۆرێ دەیەوێت پەنجە لەسەر برینەکان دابنێو ژەهرێکی کوشندە ترو خراپترو دەرمانێکی پیستر بکاتە چارەسەر تاوەکو ئێستاش بەجۆرەها مشێوەو لەژێر چەندەها پەردە یاری لەهەموو دونیادا بەچارەنووسی ئافرەتان دەکرێت بەناوی دەرمان هەمووشیان دەردن وەرۆژبەرۆژیش شتی تازەترو خراپترو ئاڵۆزتری بۆ بەدی دێو بۆی دروست دەبێت خۆشەویستان ئەگەر بەڕاستیش بیر لەکێشەی ئافرەتان بکرێتەوەو بەعەقلانە لەڕوانگەی قورئانو فەرمودەکانی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر بێت شەریعەتی ئیسلام بۆی



حەمید ئەحمەد قەڵادزەیی

بروانین ئەوە کێشەی ئافرەت کێشەی هەموومانە، هەموو خەڵکەو هەموو کەسە چونکە ئافرەت یان دایكو خێزانتە یان کچو خوشکتە وەئەم کێشەو موشکیلانەش وەکو پەتێك وایە لێك وەهاڵایە زنجیرێکە هەموویان پێکەوە بەستراونو بەهەموویان ئەگەر لەژێر سێبەری شەریعەتی خودای بێ شەبەکەی داوێن پاکی پێك دەهێنن شەبەکەی ئاسودەییو دڵ ئارامیو موڕتاحی دروست دەبێت هەردووك رەگەز لەژێر سێبەری بەختەوەری یەکتردا دەحەسێنەوە بەڕاستیش ئافرەتانی ئەمڕۆ لەژێر سێبەری ئازادیو مافی ئافرەتو دەیەها سەنتەر بوونەتە دەروازەیەك بۆ دروست کردنی گوناهو تاوانو خراپە وەزۆر ئافرەت وا لەخۆی دەکات بەهۆی داو دەرمانو خۆ جوان کردن یان بەهۆی جلوبەرگو لیباسێکی کورتو تەنكو تەسك لەبەرکردن کە ببێتە مایەی سەرنج دانی خەڵکی کە چەندان کەس تەماشای کات وەبس بێتە هۆو سەبەب بۆ خۆ گوناهبارو تاوان بارکات وەدڵ نیاش بە ئەی خوشکی بەڕێز گوناهی ئەوانەش دێتە ئەستۆی تۆ کە ئالودەی خۆتیان دەکەی خۆت بۆ خەڵکی بێگانە جوان دەکەی ئەبەد حەیاش لە کەسو کارت ناکەی وەهێندەش ئیماندار نیت تائیمانەکە لەخراپە بت گێڕێتەوە ئەی خوشکانی بەڕێز ئێوە خاوەنی شەرەفن شەرەفیش سەروەتو سامانێکی زۆر گەورەیە بەڵکو گەورەترین سامانیشە بۆ تۆ وەدڵنیاش بە بەچەندەها دز بەڕۆژو شەو ئاواتەخوازی دزینی ئەو سەروەتو سامانەی تۆن.

خوشکانی بەڕێز ئەو ماڵەی کە دز لەماڵانی دەدزێ ئەوە شتێکی نوێتر جێگای دەگرێتەوە، بەڵام دزی ئەم سەردەمە کە لەتۆی ئافرەتی دەوێت شتێکە کە لەدەست چوو بەسامانی هەموو دونیا بۆت ناگەڕێتەوەو دەستیشت ناکەوێتەوە وەسوكو بێرێزیش دەبیو وەبەر نەعلەتو نەفرینی خەڵکیش دەکەویو ڕووبەڕووی مەترسی زۆر گەورەش دەبێتەوەو لەدونیاو قیامەتیش سەرشۆر دەبیت.

خۆشەویستان ئافرەت کەسێکی بەرێزەو خودای گەورەش ڕێزی لێناوە بوونەورێکی بەتوانایەو دایکی نەوەکانەو هەڵگری چەندین نیشانەی کۆمەڵایەتیو سەرچاوەی سۆزو بەزەییو خۆشەویستییەو بەخێوکەرێکی ئارامەو هێلانەو باوەشی گەرمی منداڵانە ئافرەت چرای ماڵە رووناکی ماڵە بێ ئافرەت ژیان تا لە هەر لەبەر ئەوەشە کە نابێت بۆچوونی هەڵەشمان لەبەرامبەریان هەبێت ئافرەت گوڵی ماڵە ماڵ بەئافرەتەوە جوانە، بەڵام ئافرەتیش نابێ سادەو لەدەستان خۆش بێت دەبێ پەند لەئافرەتانی پێش خۆی وەربگرێ بۆ ئەوەی چەند دەستێکی پیس هەڵی نەورێنێ، چونکە زۆر کەس هەیە هەر ئەوەندە ئیشیان بەتۆیە تالەدارەکەت دەکەنەوە تابۆنت دەکەن دوای هەڵت دەوەرێننو سوكو ریسواو شەرمەزارت دەکەن.

چەندان جار بیستومانە کە ئافرەت چۆن بۆتە قوربانی گورگە هارە برسیەکان هەتا چەندان کارەسات رودواو لەدەربەندی رانیە کە کاری ناڕەوایان لەگەڵ ئافرەت کردووەو سووکیان کردووەو بۆ ئەوەی ئاشکراش نەبن کوشتویانەو لاشەکەشیان لەدەم ئاو بەجێهێشتووە کەواتە تۆش وریا بەو بەئاگاوەرەوە بابەرەو ئەو هەڵدێرە نەچیت نەبیە نێچیری دڕندە هارە برسیەکان خۆشەویستان ئیسلام ڕێزی ئافرەتی زۆر گرتووەو وەداواشی دەکات کە ڕێز لەئافرەت زۆر بگیرێت ئەوەتا پێغەمبەر درودی خودای لەسەربێت دەفەرموێت (الجنة تحت اقدام الأمهات) بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە کە ئەمەش گەورەترین ڕێزە بۆ ئافرەت کە ئەتۆ ئەی ئینسان ئەی پیاو ئەی ئەولاد بەهۆی ڕێزی ئافرەت بەهەشتی خودا بۆ خۆت مسۆگەر کەیت.

ئافرەت سەرچاوەی خۆشەویستییە ئافرەت ئەساسو بناغەی میللەتە هەر لەبەر ئەوەشە ئیسلام خەڵکی هان دەدات بۆ دروست کردنی خێزان، چونکە خێزان میللەت دەپارێزێ لەڕووخان کەواتە ژن هێنانو شو کردن لەهەموو شتێك باشترو پیرۆزترە کە ژنو پیاو پێکەوە کۆکاتەوە تاوەکو ڕۆژانی ژیانیان بەخۆشیو بەختەوەرەی پێکەوە بەسەربەرن.

بێگومان لەڕووی ئیمانیشەوە ژن هێنانو کچ بەمێرد دان شتێکی پیرۆزەو، بەپێی زانستی نوێو بیرو بۆچوونی زانایانیش دەرکەوتووە، کە هیچ خراپەیەك شوێنی ژن هێنان ناگرێتەوەو بەدیلی نییە.

کەواتەبا وریا بینو لەو پرۆسەیە ئاگادار بینو نەکەوینە داوی گومڕاییو لەسنوور دەرچوونەوە، هەروەها خۆمان بپارێزین لەدەستە پیسەکانو هەموو ئەو شتانەی دەمانگەیێننە حاڵێکی خراپەوە.

چونکە بەڕاستی خەڵکانێك هەن وەکو گورگ بەدوای ئافرەتەوە دەگەڕێنو دەیانەوێ ئافرەت لەڕێ ببەن، بۆیە دەبێ ئەوانیش ئاگاداری خۆیان بن، هەر ڕۆژەو بەپیلانێکی تازەتر بۆ لەناو بردنی ئیمانو ئەخلاقو رەوشتمان دادەنێن.

وای لێهاتووە هەر بە ئاشکرا رەوشتی کوڕو کچەکانمان دەشێوێننو دەیانخەنە ناو زەلکاوی نالەباریەوە.

ئەوەی هۆکاریشە زیاتر راگەیاندنە، نەخاسمە میدیاکانی دەرەوە، کە بەشێوەیەکی بێ پەردەیی باس لە شتەکان دەکەن، ئاخر حاڵ وا بڕوا رەنگە دوای ئەستەم بێ بتوانین ئەو حاڵەتە هەزم بکەین، کە لاوانمان نەکەنە داوی خراپەکاریەوە.

ئەمڕۆ بازرگانی بە مرۆڤەوە دەکرێو تەرویج بە ئافرەتان دەدرێ لای هەندێکیان تەنها مەبەست لێی، تێکدانی هەستی گەنجانەو بە بیانووی جیاجیا تێکەڵی نێو واقیعەکەی دەکەن.

خۆ ئێمە لەقورئانی پیرۆز چەندین ئاماژەمان هەیە، کە خوای گەورە لەئەنجامی بەدرەوشتی گەلان چەندین نەتەوەی لەناو بردوون، ئێستا لە ئەوروپا ڕێژەی زەواج ڕووی لەکەمی کردووەو، خەڵك سەرقاڵە بە رابواردنو دوور کەوتنەوە لە دابی کۆمەڵگەی رەسەنەوە، ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر ئایندەی خێزان دروست دەکات.

چەندین نمونەمان بیستووە، کە لەدەرەوە بێ ئەوەی زەواج هەبووبێ، کوڕو کچ چەندین منداڵی لە یەك هەیەو، ئەمەش وڵاتانی تووشی قەیران کردووەو یاساش ناتوانێ بەرگەی بگرێ.

چونکە ئەگەر وای لێهات کە کوڕو کچ تێکەڵ بوونو وەك ساردو گەرم بە یەك گەیشتن، ئەوە دەرەنجامێکی باشی لێ ناکەوێتەوە، ئەوەتا ئافرەت لەدەرەوە منداڵی زۆرە بەڵام رەحمو بەزەیی بۆ ناجوڵێن، چونکە بەشێوەیەکی نادروست پەیدا بوون.

بۆیە من دەخوازم کە ئێمە بتوانین لەو چوارچێوە شەرعیە دەرنەچین، کە شەریعەتی ئیسلام بۆ ئێمەی داناوە، با وریای خۆمان بینو نەکەوینە داوی دوژمنانەوە، با نووری ئیمان لەناو دڵەکانمان بگەشێتەوەو زیاتر پابەندی ئیسلام بین.

# گەشتی زانایان بۆ وڵاتی ئێران

ئا: عەبدوڵڵا ئەحمەد شێرکاوەیی

**بەمەبەستی زیاتر گەیاندنی خزمەت بەزانایانی ئایینیو، ئاشنا کردنیان بە کەلتوورو فەرهەنگی وڵاتانو، وەرگرتنی ئەزموونی ئەداو گەیاندنی پەیامو، دیتنی کۆمەڵێك شوێنەوارو شارستانیەتی وڵاتان، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەستەیەکی زانایانی ئایینی بە گەشتێکی تایبەت ناردە وڵاتی ئێران، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە وەك زانای کورد لەسەر ئاستی دەرەوە پەیامی ئەو یەکێتیە بگەیەنن، کە یەك لە ئامانجەکانی بوونی پەیوەندیە لەگەڵ زانایانی ئایینی وڵاتی دەرەوە، بە جیاوازی مەزهەبو نەتەوەوە.**

**لە لایەکی تریشەوە پەیامی نەتەوەیی بە زانایانو هەڵگرانی بیرو باوەڕی ئایینی بگەینین، کە کورد نەتەوەیەکی موسڵمانەو حەزیش لەپێکەوە ژیان دەکاتو، پێویستیشی بە پاڵپشتی دەرەوەیە بۆ گەیشتنی بە مافە ڕەواکانی خۆی، لە کاتێکدا کە گەلێکی ستەم لێکراو بووە، نەك لەبەر ئەوەی موسڵمانە یان نا، بەڵکو لەبەر ئەوەی کورد بووە.**

## وێستگەی گەشتەکە

لەرۆژانی ١٨-٢٦/١٢/٢٠١٠ شاندی زانایان لەوڵاتی ئێران مانەوەو، لەسەرەتاشەوە لەلایەن دامەزراوەی فەرهەنگی ئیمام خومەینی پێشوازیکران، کە دامەزراوەیەکی گرنگو تایبەت بۆ پەرەپێدانی کاری رۆشنبیریو چالاکی دیبلۆماسی دامەزراوەو، چەندین لقی لەو وڵاتە هەیەو، بە چەندین شێوازیش پەیامی خۆی دەگەیەنێت.

ئەوان بەسەردانی زانایانی هەرێمی کوردستان زۆر خۆشحاڵ بوونو خزمەتێکی باشیشیان کردن، هەر لە یەکەم رۆژەوە تا کاتی گەڕانەوە ئەوان سەرپەرشتی دەرچوونەکانیان دەکردو بەرنامەی ڕۆژانەیان بەڕێوە دەبرد.

ئەو گەشتە سێ پارێزگای گرتەوە، لە پێشدا تارانی پایتەختو پارێزگاری مەشهەدو پارێزگای قوم، کە چەندین شوێنی گرنگو مێژوویی و شارستانیو فەرهەنگی لەخۆیان دەگرن.

زانایان سەردانی کۆشکی شایان کردو، لەوێ بەگەرمی پێشوازی کرانو دواتریش زانایان تەواوی ئەو کۆشکەیان بەسەر کردەوە، کەماڵی شای ئێران بووەو دوای ئینقیلاب ئەو شوێنە پارێزراوە، تا پیشانی گەشتیارانی بدەن، لەوەی دەسەڵاتدارانی ئەوسا چ ئەنانیەتێکیان هەبووەو چۆنیش ستەمیان کردووە، لەبەر ئەوەشە ئەو کۆشکە وەك ناوەندێکی گەورەیی مێژوویی و شارستانیو فەرهەنگی سەیر دەکرێت، دواتر سەردانی ماڵی ئیمام خومەینیان کرد، کە ئەویش وەك خۆی پارێزراوەو، وەك پێگەیەکی گرنگو مێژوویی پارێزگاری لێ دەکرێت.

دواتر سەردانی گۆرستانی (بەهەشتی زاهرا)یان کرد، کە پتر لە ٣٠ هەزار شەهیدو قوربانی رۆڵەکانی ئەو گەلە لەخۆ دەگرێ، لەنێویشیاندا کۆمەڵێك لە شەهیدانی هەڵەبجەی تێدایە، کە لە شوێنێکی تایبەتو بە خەتێکی سوورەوە لەسەر تابلۆی گۆڕستانەکە نوسراوە ( مزار شهدای حلبچه)، لەوێش زانایان سورەتی فاتیحەیان بۆ گیانی شەهیدان خوێند.



## فەرەجوڵڵای پەیامانیو گۆڕی ئیمام خومەینی

دوای نیوەڕۆی هەمان رۆژیش سەردانی گۆڕی ئیمام خومەینیان کرد، لەویش ماموستا مەلا جەلال خەیلانی سەرۆکی شاندەکە وتارێکی خوێندنەوە، کە تێیدا باسی لە رۆڵی ئیمام خومەینی کردو تیشکی خستە سەر هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کاتی لێقەومانی گەلی کورد، ئەوەشی باس کرد، کە گەلی ئێرانو گەلی کورد لەوەدا یەك دەگرنەوە هەردووکیان بەدەستی دەستەڵاتدارە زاڵمەکان ستەمی زۆریان بینیوە، بۆیە لە موعاناتی یەکتر دەگەن، لەبەر ئەوە پێویست دەکات، هەردوولا پشتگیری یەکتر بین لە دروست کردنی پەیوەندیو هەماهەنگی زیاتر بۆ خزمەتی ئیسلامو موسڵمانان.

هەروەها گوتی: ئێمە وەکو کورد ڕێزمان هەبووە بۆ ئیمام خومەینیو بە چاوی ڕێزیشەوە لە هەڵویستەکانی دەروانین.

هەروەها گوتی: ئێمە وەکو کورد بە دەستی رژێم ستەمی زۆرمان لێ کرا، بۆیە لێرەوە داوا دەکەین کۆماری ئیسلامی ئێران، پشتگیریمان بکات لە سرینەوەی ئاسەواری ئەو ستەمانەی لە کورد کراوە.

هەروەها هیوای خواست کە ئەمە هۆکاری پەیوەندیەکی پتەو بێت، لەنێوان زانایانی شیعەو سوننە لە جیهانی ئیسلامیدا.

لە دیدارێکدا ئایەتوڵڵا فەرەجوڵڵا پەیامی ئیمامی مزگەوتی ئیمام خومەینی وێرای خۆشحاڵی دەربڕین، سوپاسی شاندی زانایانی هەرێمی کرد، کە بەو پەیامە جوانەوە ڕوویان لە کۆماری ئیسلامی ئێران کردووە، هەروەها گوتیشی: ئێوە جیاواز نین لە ئێمە، چونکە حەز لە پێکەوە ژیان دەکەنو قەت پشتگیری دووبەرەکیو خراپەتان نەکردووەو، هەر جیاوازیەکیش یەکگرتوویی موسڵمانان تێك بدات ئەوە بە قازانجی دوژمنان تەواو دەبێ، لێرشەوە هەڵوێستی زانایانی کورد بەرز ڕادەگرینو جێگەی رێزن لای ئێمە.

## بورجی میلادو موزەخانەی شەهیدان

هەر لەتاران زانایان سەردانی بورجی میلادیان کرد، کە بە چوارەمین بورجی جیهان دێتو، بڵندیەکەی ٤٥٠ مەترەو، بە گوژمەی پتر لە ٢٧٠ ملیار دینار دروست کراوە، ئەو بورجە لەیادی ١٠٨ ساڵەی لە دایك بوونی ئیمام خومەینی بەردی بناغەی بۆ دانراوەو بەماوەی ٣ ساڵو بە هاوکاری ٥٠ کۆمپانیای ناوخۆیو دەرەوە، کارەکانی تەواو بووە، ئێستا بەگرنگترین شوێنی گەشتیاری لە تاران دادەندرێت.

دواتر شاندەکە سەردانی موزەخانەی شەهیدانو سەفارەتی کۆنی ئەمریکایان لەو وڵاتە کردو یەکەکەی بەشەکانیان بەسەرە کردەوە، هەر لەوێش رەخنەیان گرت کە بۆچی پەتی سێدارەی قازی لەو مۆزەخانە نییە، لەوەڵامدا گوتیان: کەس نەیهێناوە تا دایبنێین، هەر کات بەدەستمان گەیشت بەسەرچاو شوێنی بۆ دابین دەکەین لەو مۆزەخانەدا.



ئایەتوڵڵای عوزما ئەلعەلەوی جورجانی

**پێویستە زانایان لەهەرکوێ هەن بە هەرسێ لایەنی زانستو کردەوەو پەروەردە هەنگاو بنێن**

## پارێزگای مەشهەد

دوای تاران زانایان سەردانی پارێزگاری مەشهەدیان کردو، لەویش سەردانی چەند شوێنێکیان کرد، لەوانەش مزگەوتو گۆڕی ئیمام رەزا (ڕەزای کوڕی ئیمام جەعفەری کوڕی ئیمان حوسێن) کە بە گرنگترین شوێنی ئەو شارە دادەندرێتو، لەسەر روبەرێکی یەکجار گەورەو بە ستایلێکی تازە بینا کراوە، بەگوتەی ئەوان ساڵانە پتر لە ٢٠ ملیۆن کەس لە وڵاتە شیعە نشینەکان سەردانی ئەوێ دەکەنو بەردەوامیش قەرەباڵغی زۆری پێوە دیارە.

دوای ئەوەش شاندەکە سەردانی هەردوو گۆڕی ئیمام یاسری کوڕی ئیمام موسای کوڕی ئیمام جەعفەرو ناسری کوڕی ئیمام موسایان کرد.

سەرۆکی شاند بەرێز ماموستا مەلا جەلال خەیلانی وتارێکی پێشکەش کردو، تێیدا باسی لە گەورەی ئەو ئیمامە بەرێزانە کرد، پاشان تیشکی خستە سەر چەند بابەتێکی تایبەت بەموسڵمانێتی کوردو پرسی پێکەوە ژیانی ئایینو مەزهەبەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئاماژەشی بەوەدا، کە پێویستە هەموومان لە پێناو برایەتیو وەلانانی ناکۆکی کار بکەینو وا نەکەین دوژمنان درز بخەنە خانەی مرۆڤ دۆستیمانەوە.

## زانایانو شاری قوم

لەو شارەش کە لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە تا بڵێی شارێکی خۆشو دڵگیرە، زانایانی ئایینی سەردانی مزگەوتی سەیدە مەعصومەو مزگەوتی جەمکەرانیان کردو، دواتریش پەرتوکخانەی ئایەتوڵڵا مەحمود مەرعەشیان بەسەر کردەوە، کە نزیکەی ٣٧ هەزار دەستنووسی تێدایەو، لەدوای پەرتوکخانە دەستنوسیەکەی میسرو تورکیا بە پلەی سێیەم دێت لەجیهانی ئیسلامی، کە لەسەردەمی سەید مەحمود مەرعەشی زۆرترین دەستنووس کۆکراونەتەوە، قورئانێکی دەست نووسی تێدایە مێژوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ١٣٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، سەرەڕای زەبورو تەوارات و ئینجیلو ئەڤێستای دەستنووس، کە لەوێدا پارێزراون، چەندین خەتو شێوازی نووسینو هونەر لە زانستە جۆراو جۆرەکانو بە چەندین زمانو بە هەردوو مەزهەبی شیعەو سوننەی لێ دەبیندرێ، لەگەڵ ئەوەشدا ژووری تایبەت دابین کراوە بۆ چاودێری کتێبەکانو چاكو پاك راگرتنیان بە چەندین ماددەی کیمیاویو تایبەت بەو لایەنەوە.

## دیدارو چاوپێکەوتن

لەو سەفەرەدا زانایان چاویان کەوت بە ئایەتوڵڵا فەرەجوڵڵای پەیامانی ئیمامی مزگەوتی خومەینیو، ئایەتوڵڵا سەید هاشمی ئیمامی مزگەوتی گەورەی تاران، ئایەتوڵڵای عوزما سەید ئەلعەلەوی جورجانیو ئاغایێ کەمال موسەویو ئاغایێ باقریو چەند کەسایەتییەکی تر لە دامەزراوەی فەرهەنگی ئیمام خومەینی.

لەگەڵ هەر یەکەشیان چەندین قسەو





ماموستا مەلا تەحسین شەقلاوەیی

**لەوێ مەزهەب قەدری هەیە و ئەوان دڵسۆزی ئیمامەکانیانن**



ماموستا مەلا عەتا پێنچوێنی

**هیوادارم ئەمە یەکەم سەفەر نەبێت بۆ دەرەوە**



ماموستا مەلا نەجمەدین شەمساوا

**لایەنێکی باشی ئەو گەشتە ئاشنابوون بوو بە فەرهەنگو کەلتوری ئێران**

جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان:

**ئامانجمان لەو سەفەرە پتەکردنی پەیوەندیو ئاشنا بوون بوو بە فەرهەنگو شوێنەوارو سیمای شارستانیەتی ئێران**

## تارانو زانایانی ئایینی

دوای گەیشتن بە تاران، شاندی

# چ دەرەنجامێکی لێ کەوتەوە !؟

باسی تایبەت بە زانایانی هەرێمو رەوشی ئازادی دینداری لە کوردستانو چەند باسێکی تر تاوتوێ کران، کەلەلایەن خۆیانەوە وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین، هەڵوێستی مەلای کوردیان بەرز نرخاندو، ڕێزی زۆریان لە هەمبەر ئەو سەردانە دەربڕی.

لەدانیشتنێکدا ئایەتوڵڵا ئەلعەلەوی جورجانی کە یەکێکە لە گەورە مامۆستایانی حەوزەی عیلمی گوتی: ئەرکە هەموومان ڕێز لە یەکتر بگرین، چونکە زانایان قەدرێکی زۆریان هەیەو، کۆمەڵگە بەدەستی ئەوانە، پێویستیشە زانایان لەهەر کوێ هەن بە هەرسێ لایەنی زانستو کردەوەو پەروەردە هەنگاو بنێن، ئێوەی زانایانی کوردستانیش هەمیشە تێکۆشاون لەپێناو گەلی خۆتان، بۆیە کە هاتوون تەقدیری ئەو هاتنەتان دەگرینو هاوکاری ئێوە دەبین.

پاشان مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایان لە وتەیەکدا، وێڕای گەیاندنی سوپاسوپێزانین بە ناوبراو گوتی: وەك وەکو یەکێتی زانایان هاتووین تا پێکەوە قسە

لەسەر ڕێزگرتنی یەکترو پێکەوە ژیانی مەزهەبی بکەین، چونکە وەکو کورد ئێمە گرفتمان نیەو، هەمیشە لەگەڵ برا شیعەکانیش دانیشتنو لێك نزیکی تەواومان هەیە.

پاشان مامۆستا مێژوویەکی کورتی دروست بوونی ئەو ڕێکخراوەی بۆ ئەو گەورە مەرجەعە گەیاندو گوتیشی: یەکێتی زانایان بۆ خزمەتی ئایینو نەتەوەو مامۆستایانی ئایینی دامەزراوەو دەشیەوێ پەیوەندیەکانی هەمیشە لەگەڵ دۆستان توندو تۆڵ بکاتو بە ئەرکی خۆی دەزانێ لەو بوارەوە خزمەتی باش بگەیەنێ.

ئایەتوڵڵا سەید هاشمی کە ئیمامی مزگەوتی تارانەو وەکیلی سیستانیە لە تاران، لە لێدوانێکی بۆ پەیام گوتی: زانایانی کوردستان حەز بە پێشکەوتنو پێکەوە ژیان دەکەن، هەروەك ڕەمزی تەبایيو ئاشتین لە ولاتی خۆیان، ئێمە شعوری ئەوان بەرز دەنرخێنینو هیوادارین زوو زوو سەردانمان بکەن، تا پەیوەندیەکانمان پەرە پێ بدەن، ئەو گەورە ئیمامە گوتیشی: هەڵویستی ئێوە لەو جۆرە پەیوەندیانە بەرز رادەگرینو خزمەتی ئێوەش بە هەند وەردەگرین، چونکە میللەتی کوردو گەلی ئیران ستەمیان زۆر لێکراوەو، لەو خانەشدا هاوبەشین، بەڵام هیوادارم زیاتر بتوانین لەو قوناغە هۆکاری خێر بینو بە هەموو شێوەیەکیش دژی دووبەرکی بوەستینەوە.

## شاندی زانایانو سەرۆك عەشیرەتی عەرەبەکان

لەهۆڵی میوانانی مزگەوتی ئیمام خومەینی لە تاران شاندی زانایانی ئایینی ئیسلامی هەرێمی کوردستانو شاندی سەرۆك عەشیرەتەکانی سێ پارێزگای عیراق بە یەك گەیشتن.

لە دانیشتنێکدا هەردوولا باسیان لە ڕۆڵی کورد بەگشتیو زانایانی ئایینی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی کرد، کە ڕۆڵیان هەیە لە ئاشتەوای ولاتو لێك نزیك بوونەوەی مەزهەبە جیاوازەکاندا.

لە لێدوانێکی بۆ پەیام بەڕێز شێخ ئەبو وسام ئەلزوبەیدی سەرۆکی شاندی سەرۆك عەشیرەتەکانی هەر سێ



پارێزگای واسیتو موسەناو سەماوا گوتی: ئێمەی ئامادەی وتاری سەرۆکی شاندی کوردی بووین لەسەر گۆڕی ئیمام خومەینی، کە لەڕاستیدا ئەو پەیامەی زانایانی کورد جێگەی ڕێزەو ئەرکە هەموومان سوپاسیان بکەین، بۆیە بە پێویستمان زانی بە خزمەتیان بگەینو لە نزیکەوە سوپاسی شاندی سەرۆك عەشیرەتەکانی ئەو سێ پارێزگایە بگەیەنینە تەواوی زانایانی کوردستان.

دواتریش مامۆستا جەلال خەیلانی بەناوی شاندی زانایانی هەرێمەوە سوپاسی خۆی پێ گەیاندنو هیوای خواست هەمیشە لە عیراقو تەواوی ناوچەکانی تر پێکەوە هۆکاری تەبایی بینو دەست لەناو دەستی یەکتر خزمەت بە گەلو ولاتمان بگەیەنین.



ئایەتوڵڵا سەید هاشمی

## هەڵویستی ئێوە لەو جۆرە پەیوەندیانە بەرز رادەگرین

ناوبراو گوتیشی: ئیختیلاف لەڕوانگەی زانستيو شتە جوزئیەکان هەبووەو هەر دەشبێ، بەڵام هەموومان موسڵمانینو یەك دینمان هەیەو یەك قیبلەمان هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە برایەتی ئیمانی بکەینە دروشمی ژیان.

لەکۆتایدا سەماحەتی سەید هاشمی داوای لە شاندی زانایان کرد، کە ڕێزو سڵاوی تایبەتی بگەیيننە تەواوی زانایانی کوردستانو لە ڕێی ئەوانیشەوە بۆ سەرۆکی هەرێم جەنابی مەسعود بارزانی.

دواتر مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی سڵاوی سەرۆکی یەکێتی زانایانو تەواوی مامۆستایانی ئایینی کوردستانی بە ئیمامی گەورەی تاران گەیاندو، لە وتەیەکدا پێیی راگەیاند: کە زانایانی کورد هەمیشە ڕێز لە پێکەوە ژیانی مەزهەبی دەگرنو ئامانجیان هەمیشە ئەوە بووە هەموومان پێکەوە کار بکەین لەپێناو بەختەوەر کردنی خەڵکو




به ئاراستەیەکی باش هەنگاوی خۆی نا، ڕووێکی جوانی مەلا کوردیش پیشانی ئەوان درا، چونکە لە هەموو شوێنەکان شاندەکەمان وتاری خۆی هەبوو، کە پەیامی کوردی دەگەیاندو بەراشکاویش قسەکانی خۆمان دەکرد، لەبەر ئەوە من پێموایە هەنگاوێکی باش بوو بۆ ئێمە، کە توانیمان بە ئاستێکی باش شتەکانی خۆمان تەرح بکەین.

مامۆستا مەلا دڵشاد گەلاڵیش سەبارەت بەو گەشتە گوتی: تەجرەبەی زۆرمان وەرگرت، هیوادارم ئەو گەشتانە هەر بەردەوام بن، چونکە زیاتر زانایانی کورد دەناسرێنو، زیاتریش دەتوانین کاری ڕێکخراوەیی خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

هەروەها گوتیشی: ئەرکی ئێمەیە پەیوەندیەکانمان پەرە پێ بدەینو لەسەر خاڵە جیاوازەکان نەکەوینە داوی ڕەقو دووبەرەکیەوە.

## دەرەنجامی گەشتەکە

ئەمە یەکەمین گەشتە لەڕێی یەکێتی زانایانەوە بۆ ولاتێکی وەك ئێرانو بەو شێوە ئەنجام بدرێت، بەڵام بەپێی قسەی بەشداربووان، گەشتێکی سەرکەوتوانە بووەو توانیویەتی پەیامی خۆی بگەیەنێت، لەو بارەوە بەڕێز مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆکی یەکێتی زانایانو لەلێدوانێکی بۆ (پەیام) گوتی: گەشتەکەمان زیاتر بۆ دروست کردنی پەیوەندیەکی دوو لایەنە بوو، سوپاس بۆ خوا گەشتێکی سەرکەوتوو بوو، توانیمان ئامانجەکەمان بپێکینو پەیامی زانایانی کورد بەو شوێنانە بگەیەنین کە سەردانمان کردن.

هەروەها شێخ عەبدولباسیت بالیسانی لەو بارەوە گوتی: بەڕاستی ئەزمونی زۆرمان لەو گەشتە وەرگرتو زۆر دیمەنو شوێنو سیمای شارستانیەتی ئەو ولاتە پێشکەوتووەمان بینی، شاندەکەمان خۆمان بەرەو پێشەوە بەرین، چەندەش ئێمە بتوانین پەیوەندیەکانمان پەرە پێ بدەین، ئەوەندە زیاتر دەتوانین ئاسۆیەکی گەشتر بۆ ئاییندەی یەکێتی زانایان دروست بکەین، خاڵێکی تر لەوێ هەستمان پێ کرد لەوێ خەڵك ئینتیمای نەتەوەیی زۆر بەهێزەو دڵسۆزیان بۆ ولاتی خۆیان، بۆیە ئێمەی مامۆستایانی ئایینی دەبێ خەڵکی خۆمان هان بدەین، کە ئینتیمایان بۆ گەلو ولاتی خۆیان بەهێز بێت.

هەروەها مامۆستا مەلا نەجمەددین وادی لەو بارەوە گوتی: ئەو گەشتە ئیجابیاتی زۆر بوو، چونکە چەند شوێنو خەڵکێکمان بینی لە دەرەوەی

**شێخ جەبار بریفکانی:**

**ئامانجی ئەوان ئەوە بوو ئێمە سیمای شارستانی ولاتی ئەوان ببینین**



ولاتی خۆمان، کە ئەمە بە لای منەوە جێگەی سوود وەرگرتنە، بۆیە هیوام وایە ئەو گەشتانە بەردەوام بن، چونکە بە هۆیەوە دەتوانین زیاتر شارەزای کەلتووری ولاتان بینو زیاتریش خۆمان بە ئاستێکی باشتر ئاراستە بکەین.

## کوردستانی ڕۆژهەڵاتو شاندی زانایان

لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش شاندێکی زانایانی بە سەرۆکایەتی مامۆستا جەلال خەیلانيو شێخ عەبدولباسیت بالیسانيو ژمارەیەك مامۆستای ئایینی لەشاری ڕەزایە سەردانی بەڕێز شێخ سەید تەهای گەزگەزکە کەسایەتی ناوداری ناوچەکەیان کردو، لەنزیکەوە وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین، جەنابیان ئەو سەردانی شاندی زایانی بەرز نرخاندو چەند پرسێکیان تاوتوێ کرد. هەروەها لە مەهابادیش شاندەکە سەردانی مامۆستایانی ئایینی شاری مەهابادیان کردو بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە سەردانەکەیان بەرز راگرت. دواتریش هەردوو گۆڕی قازی محمد و هەژاری موکرایانیان بەسەر کردەوە.

لە پیرانشاریش مەدرەسەی مامۆستا محمدی بوداغی کە بە قوتابخانەی سلاحەدین ناسراوە، بەسەر کرایەوەو پەیامی زانستو هەماهەنگی دووپات کرایەوە.



مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا زەنگڵ

**پێویستە مامۆستا گەنجەکان زیاتر بنێردرێنە دەرەوە**



مامۆستا مەلا ئیسلام دهۆکی

**شاندەکە دەوری یەکێتی زانایانی گەیاندە ئەوان**



مامۆستا مەلا خالد مەلەکی

**لە زۆربەی شوێنەکان باسی ڕۆڵی کورد کرا**